یەکەمین ماڵپەڕی کوردی تایبەت بە پرسیار و وەڵامی شەرعی

# فەزڵ و گەورەیی نوێژی تەڕاویح

کۆکردنەوە و وەرگێڕان
جیهاد قادر علی

ba8.org - walamakan.com

# فەزڵ و گەورەیی نوێژی تەڕاویح

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله رب العالـمين، والصلاة والسلام على أشرف المرسلين، وبعد..**

**نوێژی تەڕاویح**، سوننەتێکی جەخت لێکراوەیە و لە شەوانی ڕەمەزاندا دەکرێت، هەر لە دوای نوێژی عیشاوە دەست پێدەکات تا کاتی نوێژی بەیانی، کە پێی دەگوترێت: (صلاة التراويح)، یان (صلاة القيام)، یانیش (صلاة التهجد)، هەموو ئەو ناوانەش دروستن و لە جێگەی خۆیانن، هەروەکو ابن باز - بەڕەحمەت بێت - دەڵێت: ئەوەی زاندراوە لای خەڵکی، ئەوەیە (صلاة التراويح) بەنوێژی سەرەتای شەو دەگوترێت، هەرچی (قيام) و(تهجد)ـیشە بەو

نوێژە دەگوترێت: کە لە کۆتایی شەودا ئەنجام دەدرێت.

**بۆیەش پێی دەگوترێت:** (نوێژی تەڕاویح)؛ چونکە خەڵکی درێژیان دەکردەوە، ئیتر پێویستیان بە پشوو هەبوو دوای هەر دو ڕکاتێك، یانیش دوای هەر چوار ڕکاتێك، لە کتێبی (لسان العرب)ـدا هاتووە کە ووشەی (التراويح) کۆی (الترويحة)ـیە، کە ئەویش بریتییە لە پشوو، لەدوای هەر دو ڕکاتێك، یانیش لەدوای هەر چوار ڕکاتێك.

**بەڵگەی هەبوونی نوێژی تەڕاویح،** ئەوەیە کە پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - لە چەند شەوێکی ڕەمەزان پێشنوێژی بۆ هەندێك لە هاوەڵەکانی کرد، ئیدی دوایی کە دیتی کۆبونەتەوە لە مزگەوت و

زۆربوون، وازی لێهێنا و پێشفەرموون: ((ترسام لەسەرتان ببێتە فەرز))، متفق عليه.

دواتر پێشەوا عمر - ڕەزامەندی خوای لێ بێت - دوبارەی کردەوە لەسەردەمی خۆی و موسڵمانانیش لێی خڕبونەوە، ئیتر لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ سوننەتێکی بەردەوامە.

**پێغەمبەر** - صلى الله عليه وسلم - **دەفەرموێت: ((مَنْ قَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ))**، البخاري ومسلم. یانی ئیمانی بەوە هەبێت کە ئەو کارە خوا لێی ڕازیە و هەر بۆ خواشی بێت و چاوەڕێی پاداشتیش بکا لەبەرامبەر ئەو شەو نوێژکردنەی، ئەوا خوا لە گوناهی لەوەوپێشی دەبورێت.

**ژمارەی ڕکاتەکانی نوێژی تەڕاویح**، بۆ مرۆڤ هەیە بە هەر ژمارەیەك بیەوێت ئەنجامیان بدا: چوار ڕکات، شەش ڕکات، هەشت ڕکات، یانیش بەویستی خۆی، دوو دوو دەیانکات، لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم -: ((صلاةُ الليلِ مَثْنَى مَثْنَى، فَإِذَا خَشِيَ أَحَدكُمْ الصُّبْح صَلَّى رَكْعَةً تُوتِرُ لَهُ مَا قَدْ صَلَّى))، متفق عليه. واتا: شەو نوێژ دو ڕکات دو ڕکات ئەنجامدەدرێت. ئینجا دواتر یەك ڕکاتی ویتر دەکات، بەڵام باشتر ئەوەیە کە یانزە ڕکات بکات (دە ڕکات بە پێنج سەلامدانەوە)، پاشان یەك ڕکاتیش کە ڕکاتی یانزەهەمە و پێی دەگوترێت: (الوتر) و سەلامی تێدا دەداتەوە. کەواتە: شەونوێژ مەشروع نیە زیاد لە دو ڕکات پێکەوە

بکرێت، بەڵکو ابن العثيمين دەڵێت: بەو شێوازە نوێژەکەی بەتاڵیش دەبێتەوە؛ چونکە پێچەوانەی کردار و قسەی پێغەمبەری خوایە - صلى الله عليه وسلم - کە دەفەرموویێت: ((مثنى مثنى))، إلا ویتر نەبێت، کە دەتوانێت سێ ڕکات، یان پێنج، یانیش حەوت ڕکات. بە یەك تەحیات بخوێنێت، یاخود نۆ ڕکات بە دو تەحیات و یەك سەلامدانەوە ئەنجام بدات. قيام الليل، سعيد بن وهف القحطاني.

**ابن باز - بەڕەحمەت بێت - دەڵێت:** باشتر ئەوەیە یانزە ڕکات بکات، خۆ ئەگەر سێنزە ڕکاتیش بکات ئەوەش هەر سوننەتە، یاخود بیست و سێ ڕکاتیش وەکو چۆن عمر - ڕەزامەندی خوای لێ بێت - کردویەتی و هیچی تێدانیە.

**قسە لە بارەی ژمارەی ڕکاتەکانەوە بەرفراوانی تێدایە،** هەروەکو ابن تیمیە بەڕەحمەت بێت - دوایی ئەوەی باسی بیست ڕکات و سێزدە و جگە لەوەشی کرد -، گوتی: ئەوەشی سەواب و چاترە ئەوەیە کە ئەو شێوازانە هەمووی چاکن، هەروەکو چۆن پێشەوا أحمدیش - بەڕەحمەت بێت - قسەی وایە، واتا: هیچ ڕکاتێکی دیاریکراو بڕیاری لێ نادرێت بۆ هەستانەوەی ڕەمەزان؛ لەبەرئەوەی پێغەمبەر - صلى الله علیه وسلم - ژمارەیەکی دیاریکراوی بڕیار نەدا، بۆیە لەو حاڵەتەدا کەمی و زۆری ڕکاتەکان بەگوێرەی درێژی و کورتی ڕاوەستان و شەو نوێژەکانەوەیە. خۆ چی باشتر و نزیکترە بۆ خشوع و لە خوا ترسان ئەوا چاترە، جا بە کەمی ڕکاتەکان و زۆر ڕاوەستان بێت،

یانیش بە زۆری ڕکاتەکان و کەمتر درێژکردنەوەیان بێت، ئەوەش بۆچونی ابن تیمیة و جگە لەویشە. بڕوانە مجموع الفتاوى: ١١٣/٢٣.

**نوێژی تەڕاویح**، بۆ یەك کەسیش دروستە و بۆ کۆمەڵێك کەسیش هەر دروست و ڕێپێدراوە، هەڵبەت بە جەماعەت باشترە، هەتاوەکو ئەگەر بەس پیاوێکی لەگەڵدابوو، یانیش ئافرەتێکی لەگەڵدابوو، بۆ ئافرەتیش هەر دروستە کە نوێژی تەڕاویح بە تەنها بکا، یاخود بۆ ئافرەتێکی دی، یان بۆ کۆمەڵێك ئافرەت بیکات و ببێتە پێشنوێژخوێنیان، دیارە بۆ ئافرەت ڕەوانیە ببێتە پێشنوێژ خوێنی پیاوان، نە لە تەڕاویح و نە لە جگە لەویش.

**پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - دەفەرمووێت:**
**((إنه مَنْ قامَ مع الإمام حتى يَنْصَرِفَ كتب اللهُ له قيامَ ليلةٍ))**، رواه الترمذي وصححه. یانی هەر کەسێك لەگەڵ ئیمامەکەی شەو نوێژ بکات هەتا سەلامی کۆتایی دەداتەوە لەگەڵی بمێنێتەوە ئەوا شەو نوێژی تەواوی بۆ حیسێبە.

**نابێت جەماعەتی عیشا لەدەست بدرێت،** بەبیانووی چوون بۆ مزگەوتێکی دی بۆ ئەنجامدانی نوێژی تەڕاویح؛ چونکە ئەوکات ئەو کەسە گوناهبار دەبێت، بۆ سوننەتێك واجبێك لەدەستبدا. هەرووەکو چەند پێراگەیشت ئەوەندە دەکات لە نوێژی جەماعەتی عیشا، خۆ کە ڕۆیشتیش ئیمام سەلامی دابۆوە، هەڵەیە کابرا جارێ نوێژی عیشا نەکات،

بەڵکو واجبە ئەوەی لە دەستی چووە بیکاتەوە، فەرمودەی پێغەمبەر - صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێت - لەسەر ئەوەیە کەلەسەرەخۆ بێین بۆ مزگەوت وەختێك گوێمان لە قامەت بوو، پەلە نەکرێت جا چەند پێڕاگەیشت دەنا ئەوەکەی دی دەبێت تەواو بکرێت، چاکتریش خۆ زو ئامادەکردن و هاتنی پێشوەختە بۆ مزگەوت.

**بەڵام ئافرەتان دەبێت وریابن** لەخۆ بۆنخۆشکردن و سفوری و بێ بەندوباری لە بەرگ و لیباسیان وەختێك دەچن بۆ نوێژی تەڕاویح، هەروەکو دوای سەلامدانەوەی ئیمام، ئافرەتان واچاکە زوو مزگەوت بەجێبهێڵن و نەمێننەوە، مەگەر بۆ عوزر و پاساوێکی شەرعی.

**وەختێك مرۆڤ بەتەنێ شەو نوێژی** دەكرد و ترسی هەبوو لە كۆتایی شەو هەڵناستێتەوە ئەوا دەتوانێت هەر زو ویترەكەی بكات، ئەوەشی تەماعی زیاترە و دەزانێت هەڵدەستێتەوە، ئەوا با لە كۆتایی شەوەكەی نوێژی ویترەكەی بكات، هەڵبەت ئەوە باشترە و مەلائیكەتیش ئامادەی دەبن و بۆشی دەبێتە شایەتی خێر.

**نوێژی ویتر نوێژێكی پیرۆزە** و سوننەتی پێغەمبەری خوایە - صلى الله عليه وسلم - كە نە لە سەفەر و نە لەماڵەوەش وازی لێ نەهێناوە، دەشیفەرموو: ئەی ئەهلی قورئان نوێژی ویتر بكەن؛ چونكە خوا بۆخۆی تاكە و تاكیشی پێخۆشە، جا هەر كەسێك هەمیشە نوێژی ویتری دەكرد دەكرد،

بەڵام وا ڕێککەوت شەوێك نوست و نەیکرد ئەوا لە ڕۆژدا دوبارەی دەکاتەوە بەڵام ئەوسا دەبێتە جوت، واتا ئەگەر شەوان یەك ڕکاتی کردبێ، ئەوا ئەوکات دەیکاتە دوو، خۆ ئەگەر شەوان سێ ڕکاتی ویتری کردبێت، ئەوا بەیانیەکەی دەیکاتە چوار، ئیدی ئاوا، ئەوەشی هەر نوێژی سوننەتی ویتر نەکات، بەڕاستی کەسێکی خراپە وەکو ئیمامی أحمد - بەڕەحمەت بێت - گوتویەتی.

ئەگەر بێتو کاتی نوێژی بەیانیش هاتبێت و ئەو ویترەکەی نەکردبوو، ئەوا دەتوانێت پێش ئەنجامدانی نوێژی بەیانی نوێژی ویترەکەی بکات، بەڵام بە ئەنقەست تاخیری ناکات، ڕێککەوتوە پێغەمبەر - صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێت - و کۆمەڵێك

لە صەحابە و تابعینەکان - ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لێبێت - ئاوایان کردبێت.

بەڵام بە باش نازاندرێت و نەهی کراوە لەوەی نوێژی ویتر وەکو نوێژی مەغریب دو تەحیاتی تێدا بخوێندرێت، وەختێك کابرا سێ ڕکات بکات، بەس دەکرێت دوو ڕکات پێکەوە بکات و سەلام بداتەوە، دواتریش ڕکاتەکەی دی و ئینجا سەلامبداتەوە.

هەروەکو هیچ بەڵگەیەکیش نەهاتووە کە ئیمام تەڕاویحی کرد یەکسەر ئاو ڕبداتەوە بۆ لای مەئموم و نوێژخوێنەکان وپێیانبڵێ: نیەتی نوێژی ویترتان هەبێت، کەسیش لە پێشین وایان نەکردوە، وەکو لیژنەی هەمیشەیی بۆ فەتوا لە حیجاز دەڵێت.

**بۆ پێشنوێژ خوێن هەیە کە لەسەر موصحەف قورئان بخوێنێتەوە بۆ نوێژی تەڕاویح**، ابن باز - بەڕەحمەت بێت - دەڵێت: ئەوەی صەحیح و پەسەندە هیچ گرفت نیە لەوەی قورئان لەسەر موصحەف بخوێندرێتەوە، کاتێك پێشنوێژخوێنەکە لەبەری نەبوو، یاخود لەبەرکردنی لاوازبوو، عائشە - ڕەزامەندی خوای لێ بێت - لەدوای (ذَكْوان)ـەوە شەونوێژی دەکرد و لەسەر موصحەف دەیخوێندەوە. بەڵام موسحەف هەڵگرتن لەلایەن نوێژخوێنەکان دوای ئیمام بە باش نازاندرێت و پێچەوانەی سوننەتە، لەبەرئەوەی کابرا ناتوانێت دەستی ڕاستی لەسەر دەستی چەپی دابنێت و، سەریش دەکێشێت بۆ جوڵە و حەرەکەی ناپێویست هەر لە کردنەوەی

موصحەف و داخستنەوەی و لەبن باڵدانانی و لەگیرفان هاویشتنی و ئیدی، جگە لە سەرقاڵکردنی ئەو کەسەش بەو جوڵەجوڵەی، مەگەر کاتێك ئیمام حیفزی لاوازبوو یەکێك قورئان بەدەستەوە بگرێت بۆ هاریکاری ئیمام و بۆ ڕاستکردنەوەی ئا ئەوە گرفتی تێدانیه. مجموع فتاوى ورسائل العثيمين: ٢٣٢/١٤.

**بڕی قورئان خوێندنەوە لە نوێژی تەڕاویح**، هیچ بڕێکی دیاریکراوی نیە، واتا ئەگەر هاتوو کابرا نیو لاپەڕی لە هەر ڕکاتێك خوێندەوە، یانیش لاپەڕەیەکی تەواو، یاخود کەمتر لەوە یا زیاتر ئەوە کارێکی باشە، هەر کەسە و بەگوێرەی توانا و لەخۆڕابینین و هەوڵی خۆی و ئەوانەشی نوێژی لەگەڵ دەکەن،

## فەزڵ و گەورەیی نوێژی تەڕاویح

بێگومان هەر کەسێك چاوی لە پاداشتی زۆر بێت و زۆرتر بخوێنێت و ڕکوع و سوجدەی درێژ ببات ئەوە ئیشەکەی لە سوننەتی پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - نزیکترە.

**بەس نابێت نوێژی تەڕاوێح هەر دنوك دان بێت لە زەوی و هەڵبپڕوکێندرێت**، بەڵکو پێویستە کابرا ئامادەگی دڵی هەبێت لەو سوننەتە گەورەیە و پەند و وانەی لێ وەربگرێت، دە ڕکاتی بە خشوع و لەسەرەخۆ باشترە، لە بیست ڕکاتی خێر و بە پەلە پەل.

**سوننەتە بۆ پێشنوێژ خوێن و خەڵکەکەش** کە کارلێك و تەفاعول لەگەڵ ئایەتەکاندا بکەن و لەسەرەخۆ بخوێندرێتەوە، بۆ نمونە کە ئایەتێك

خوێندرایەوە تەسبیحکردنی خوا بوو ئەویش تێیدا خوا بە پیرۆز و پاك ڕابگرێت و سبحان الله بکات، یا کە ئایەتەکە باسی هەڕەشە و سزا بوو ئەوا پەنا بەخوا بگرێت، دیسان کە ئایەتەکە باسی ڕەحمەت و لێبوردنی خوا بوو، ئەوا کابرا داوای لوتف و چاکە و بەزەیی خوا دەکات و ئیتر بەو شێوازە. وەکو لە فەرمایشتی ئیمامی موسلیمدا هاتووە.

**ئایا سوننەتە ئیمام هەموو قورئان بخوێنێتەوە لە نوێژی تەڕاویحدا؟** شێخ ابن باز دەڵێت: هیچ بەڵگەیەك شك نابەم لەسەر ئەوەی بڵێ: چاتر وایە هەموو قورئان بخوێندرێتەوە تێیاندا، ئیللا هەندێك لە خاوەن زانستان گوتویانە: چاترە بۆ پێشنوێژ خوێن هەموو قورئان بخوێنێتەوە تا بەو هۆیەوە ئەوەی

لەگەڵی نوێژ دەکات هەموو قورئانی بە بەرگوێ خرابێت، لە شوێنێکی دیشدا دەڵێت: خوێندنەوەی هەموو قورئان کارێکی چاکە.

**کە مرۆڤ یانزە ڕکاتی کرد،** یانیش سێزدە و یاخود بیست و سێ و جگە لەوانەش ئەوا با لە سێ ڕکاتی کۆتایی سوڕەتەکانی: (الأعلى) و(الكافرون) و(الإخلاص) بخوێنێت؛ لەبەرئەوەی ئەوە سوننەتە. وەکو ابن عباس - ڕەزامەندی خوای لێ بێت - دەیگێڕێتەوە، (الترمذي)ـیش - بەڕەحمەت بێت - بە ژمارە ٤٦٢ ڕیوایەتی کردووە.

**لە ڕکاتی کۆتایی نوێژی تەراویح،** کە پێی دەگوترێـت: ویتر، مرۆڤ دەست بەرزدەکاتەوە کە ویستی و ئیدی (دعاء القنوت) دەخوێنێت، واتا:

**((اللهمَّ اهدِنا فيمَن هدَيت، وعافِنا فيمَن عافيت وتولَّنا فيمَن تولَّيت ، وبارِكْ لنا فيما أعطيت، وقِنا شرَّ ما قضيت، إنك تَقضي ولا يُقضى عليكَ، إنه لا يَذِلُّ مَن والَيت، ولا يَعزُّ مَن عاديت، تباركت ربَّنا وتعالَيت))**، تا کۆتایی ئەو دوعایەی کە زاندراوە، ابن باز - بەڕەحمەت بێت - دەڵێت: کە زیاتریش لەوە بخوێنێت گرفتی نیە. لەگەڵ ئەوەی پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - جارو بار دەیکرد، واتا: لەسەری بەردەوام نەبووە، بۆیە ئەوەی نەیکرد ئینکاری لێ ناکرێت؛ دیارە قنووت سوننەتە و واجب نیە، هەروەکو شێخ ئەلبانی - بەڕەحمەت بێت - دەڵێت.

لەدوای قنوت خوێندنیش دەست بە دەم و چاودا ناهێندرێت؛ لەبەرئەوەی فەرمودەکانی

زەعیفن، هەروەها لە دوای دوعا و نزاکانی دیش، ابن العثیمین - بەڕەحمەت بێت - دەڵێت: نزیکترە بگوترێت: **کە دروست نیە و نا مەشروعە.**

**سوننەت وایە** دوای لێبونەوە لە نوێژی ویتر جا لە ڕەمەزان بێت یانیش لەجگە لە ڕەمەزان بێت، مرۆڤ بڵێت: **(سبحان الملك القدوس)**، سێ جار ئاوا: **(سبحان الملك القدوس)**، **(سبحان الملك القدوس)**، **(سبحان الملك القدوس)**، ئەوە دوبارە بکاتەوە لە جارێ سێهەمیش دەنگی درێژ بکاتەوە و دەنگی هەڵبدەبڕێت، بەڵام بڕگەی **(رب الملائكة والروح)** ئەوە لە پێغەمبەرەوە - صلى الله عليه وسلم - جێگیر نەبووە.

**هەر کەسێك نوێژی تەڕاویح بکات** و لەدوایدا ویتریش بکات، پاشان شەو بیەوێت نوێژی دی بکات لە ناوەڕاستی شەو، یاخود لە کۆتاییەکەی ئەوا بۆی هەیە و بەویستی خۆی چەند ڕکات دەکات دەتوانێـت، دیارە دوو دووش ئەنجامیان دەدا، تەنها ویترەکە لەدوایدا دوبارە ناکاتەوە؛ چونکە پێشتر و هەر لەسەرەتایی شەو کردی، پێغەمبەریش - صلی الله علیه وسلم - دەفەرمووێت: ((دوو ویتر لە یەك شەویدا ناکرێن)).

**کابرا کە خەوی هات،** چاترە بۆی بنووێت و واز لە ئەنجامدانی نوێژەکانی بێنێت تا خەوەکەی نامێنێ؛ چونکە کابرا لەوەیە لەجیاتی داوای لێخۆشبوونکردن

دوعا لەخۆی بکات. وەکو لە فەرموودەی (البخاري) و (مسلم)ـدا هاتووە.

**واچاکە هانی خاوو خێزانیشی بدات بۆ نوێژی تەراویح**، لەبەر فەرمایشتی پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - کە فەرموویەتی: ((وەختێك کابرا هەڵدەستێت لە شەودا و خێزانەکەشی بەخەبەردێنێت و پێکەوە دوو رکات دەکەن، ئەوا لەو کەسانە حساب دەکرێن کە زۆر زیکر و یادی خوایان کردوە))، رواه أبو داود، وصححه الألباني.

**نوێژی سوننەت بە دانیشتنیشەوە دروستە** با کابرا بشتوانێت بەپێوە ئەنجامی بدات بە کۆدەنگی زانایان، هەڵبەت بە پێوەراوەستانەکەی خێرترە، پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - دەفەرمووێت: ((هەر کەسێك

بە پێوە نوێژ بکات ئەوە چاترە، وە هەر کەسێکیش بە دانیشتنەوە بیکات ئەوە خێرەکەی نیوەیە. رواه الترمذي وصححه. بەس بۆ سوجدەبرن دەبێت کابرا هەر وەکو خۆی بیبات، مەگەر ئەوەش نەتوانێـت.

**ئاساییە هەندێك لە نوێژی تەڕاویح بە پێوەبێت و هەندێکیشی بە دانیشتنەوە بێت،** وەکو هەبووە پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - بەشێکی شەوەکەی بە پێوەکردوە و بەشێکیشی بەدانیشتنەوە، بەڵکو لە یەك ڕکاتیشدا دەگونجێت هێندێکی بە پێوە و ئەوەکەی تریشی بە دانیشتنەوە بێت.

**دەفەرموون:** وا چاکە ئەگەر بە دانیشتنەوە نوێژی کرد بە چوار مەشقی دابنیشێت؛ چونکە پێغەمبەر-

صلى الله عليه وسلم - دیتراوە وا نوێژی کردوە، یانیش چۆن بۆی ڕێکدەکەوێت.

**ئەو کەسانەی دەخەون ئینجا هەڵدەستنەوە تا شەو نوێژ بکەن**، وا باشە نیەتی لە خەوەکەی بریتی بێت لە بەهێزبون و خۆڕاگری بۆ تاعەت و گوێڕایەڵی خوا، ئەوکات خەوەکەشی بۆ بەخێر دەنوسرێت، دواتریش کە هەستا خەو لەخۆی لابدا و خەواڵوبوونی خۆی بسڕی بەشێوازێك تا خەو بەری بدات و زیکری خوا بکات لەکاتی لەخەو هەستانی و دەمیشی پاك بکاتەوە بە سیواك کردن و، دە ئایەتی کۆتایی سورەتی (آل عمران)ـیش بخوێنێت و شەونوێژەکەی بە دو ڕکاتی خێرا و ئاسان دەست پێ

بکات، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - وایکردوە.

**زانینی خێری شەو نوێژ و گەورەیی شەونوێژکاران لای خوا و** لەبیربونی مردن و کەم هیوایی بە دونیا و قۆستنەوەی کاتی لەش ساغی و دەست بەتاڵەیی و زوو نوستن و کەم خواردن و پێش نوێژی نیوەڕۆ خەوتن بۆ ماوەی نیو سەعاتێك وەکو قەیلولە و دورکەوتنەوە لە گوناە و تاوان یارمەتیدەرە بۆ شەو نوێژ ئەنجامدان.

خوایە مۆفەقمان بکەی، ئەوەی دەیکەین بۆتۆمان بێت و لێمان وەربگریت و تێیدا ڕەنج بەخەسار نەبین و خوایە تاعەت و بەندایەتیمان بە

گوێرەی شەریعەتەکەت بێت و هیدایەتمان بدەی بۆ هەموو کاروبارێکی خێر و چاکە.

کۆکردنەوە و وەرگێڕان،

جیهاد قادر علی

چوار شەم

١٨ــی شعبانی ١٤٤٢ــی کۆچی

٣١ــی آذاری ٢٠٢١ ل